# کویخاکەی سیوەیل و مادەی 140

**مەجید ساڵح**

(1)

دەگێرنەوە لە سەردەمی کۆندا لە سیوێل کۆیخایەك هەبووە باڵنسی حەزکردنی بۆ ژنان تۆزێك لە پیاوانی تر زیاتربووە. لە بەختی کۆیخاش ژنێکی باڵابەرزی چاوجوانی زوڵف وەکو رەشمار لە شارەوە گوزاراوەتەوە بۆ گوندەکەیان. کاتێك کویخا ناوبانگی جوانیو شۆخو شەنگی ژنە دەبیستێ، ئارامی لێدەبڕێو ئۆقرە بەخۆی ناگرێتو دەچێت لە رێگەی کانی دادەنیشێت تاکو ژنە دێت بۆ سەرکانی. کاتێك بەچاوی خۆی ژنە دەبینێ هۆشی نامێنێتو بێ هیچ پێشەکییەك دەچێتە بەردەمیو پێی دەڵێت"تو ئەو خوایە ماچێکم بەرێ". ژنەش کە ژنێکی بە حورمەتو خاوەن ئەخلاقو سەلارە، هەڵوێستەکەی بەلاوە سەیر دەبێت هەرچی بەردو کوچكو کەسەکی ئەو ناوە هەیە لە گەڵ هەموو ئەو جنێوانەی لە منداڵیەوە فێری بووە تێکەڵی دەکاتو دەیکێشێت بە کوێخادا. وادیارە کویخا هەروا بە ئاسانی دەست بەرداری ژنە نابێت، بۆیە چاوەڕێ دەکات تاکو لەکانییەوە دێتەوە دیسانەوە پێی دەڵێت: "تو ئەو خوایە ماچێکم بەرێ". ژنەش دیسانەوە وەکو جاری پێشوو دەکاتەوە.

بۆ رۆژی دوایو چەند رۆژێکی تریش کویخا بە هەمان نەفەسی رۆژی یەکەم، داخوازییەکەی"تو ئەو خوایە ماچێکم بەرێ" دەخاتەوە بەردەمی ژنەی گیرۆدە. بەڵام ئەوەی دڵی کویخای خۆشکردبوو ئەوەبوو رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی بەردو کەسەكو جنێوەکان کەم دەبوونەوە. تاوای لێهات ژنەکە بەناچاری رۆژێك تەسلیم بوو، وەستاو وتی "دەوەرە ماچەکەت بکەو لە کۆڵم بەرەوە".

(2)

لەوەتی سەدام روخاوە، حکومەتی عێراقی، کە زۆر لە لێپرسراوە باڵاکانی کوردن لە رێگەی هەردوو دوو مادەی (58) یاسای بەرێوەبردنی کاتی و (140)ی دەستووری هەمیشەی وەعدی ئەوە بە کورد دەدەن ئەمساڵ نا ساڵێکی تر کەرکوكو ناوچەدابڕاوەکانی دیکەی کوردستان پاش ئاساییکردنەوە لە رێگەی راپرسییەکی جەماوەریەوە دەخەنەوە سەر هەرێم. کوردیش بەو پەڕی خەیاڵ خاوییەوە لە سەر ئەو وەعدە مایەی داناوەو چاوەڕێ دەکات جێبەجێ بکرێت. نەگبەتی لەوەشدایە وا تەنها سێ مانگ بۆ تەواو بوونی دوا وەعد ماوەو، کەچی سەرکردایەتی سیاسی کورد جگە لە هەندێك هەڕەشە کە بۆ خاوکردنەوەی شەقامی کوردستانە هیچی تری پێنەکراوە.

داواکردنو سوربوون لە سەر ئامانج مەرجەێکی سەرەکییە بۆ گەیشتن پێی، ئەوە تەنانەت لای کویخاکەی سیوەیلیش بوەتە بەدیهیاتو هەر ئەوەش گەیاندنی بەوەی کە ویستی، بەڵام خاوەخاوکردنو گوێ خەواندن لە داخوازییەکانو پشت بەستن بە وەعدی بێ بنەما هەردەبێت ئەوەی لێبکەوێتەوە کە لە کەرکوك ئیمەی کورد بە دەستیەوە گیرۆدە بووین. تۆ بڵێت ئەگەر ئێمەش سیاسەتەکەی کویخاکەی سیوەیلمان بگردایەتە بەرو هەموو رۆژێك داوای جێبەجێکردنی مادەی 140مان لە مالیکی بکردبایە، ئێستا کەرکوك لە باوەشی کوردستاندا نەدەبوو؟!